گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).No(1).Paper9

ڕێـكـەوتـی وەرگـرتـن: 05-05-2023
ڕێكەوتی پەسەندكردن 06-07-2023
ڕێكەوتی بڵاوكردنەوە: 28-02-2025

# ئاستەنگەكانی بەردەم توانای زانستی مامۆستای زانكۆ

توێژینەوەیەكی مەیدانییە لە فاكەڵیتی پەروەردە – زانكۆی كۆیە بە نمونە

**فەوزیە عەبدوڵلا محەممەد**

fawziya.abdulla@koyauniversity.org

بەشی كۆمەڵناسی، كۆلێژی پەروەردە، زانكۆی كۆیە، كۆیە، هەرێمی كوردستان، عێراق

## پوختە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە زانینی ئاستەنگی ئابوری، كارگێری، خودی، تەندروستی و سەلامەتی مامۆستایانی زانكۆ و كاریگەری لەسەر توانای زانستیان، هەروەها زانینی ڕێژەی ئاماری لە نێوان گۆڕاوەكاندا، ئەو تیۆرانەی كە لەم توێژینەوەیە پراكتیزە كراون بریتیە لە (تیۆری پێداویستی سەلماندنی خود لای زانا ئەبراهام ماسلۆ) هەروەها (تیۆری (كەسایەتی) لەسەر بنەمای پێویستی دەستكەوت (الانجاز)، جۆری ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەكی چەندایەتییە (الكمی) بۆیە پشت بەسترا بە میتۆدی وەسفی شیكاری، وەكو میتۆدێكی سەرەكی بەكارهات، بێجگە لە بەكارهێنانی میتۆدی ڕوپێوی كۆمەڵایەتی، سەبارەت بە نمونەی توێژینەوەكە (نمونەی هەڕەمەكی چینایەتی) دەستنیشانكرا لەبەرئەوەی ژمارەی مامۆستایان لەبەر دەستبو، هەروەها فۆرمی ڕاپرسی وەك ئامرازێك لە ئامرازەكانی كۆكردنەوەی زانیاری بەكارهات و دابەشكرا بەسەر (34) مامۆستای زانكۆ لە فاكەڵتی پەروەردە – زانكۆی كۆیە بە نمونە، لە كۆتایی لایەنی مەیدانیدا گرنگترین ئەو ئەنجامانە دەخەینەڕو كە ئەم توێژینەوەیە پێیگەیشت، وەك، زۆربەی مامۆستایان بە هەر دو ڕەگەزەوە بە ڕێژەی (%41.2) مامۆستا، پلەی زانستیان پلەی (مامۆستای یاریدەدەر) بون، بەڵام بەڕێژەی (%35.3) پلەی زانستیان مامۆستا بو، سەبارەت بەناوەڕۆكی بابەتەكەش تا چەندە ئاستەنگ هەیە لەبەردەم توانای زانستی مامۆستایان، دەركەوت كەوا ئاستەنگی ئابوری بە بەرزترین پلە دێت، لە سەروی هەمویانەوە دواكەوتنی موچە هات، دواتر ئاستەنگی تەندروستی و سەلامەتی و ئاستەنگی كارگێری وەڵامی زۆربەی مامۆستایان بە (تاڕادەیەك)بو، واتە ڕێژەی ئاستەنگەكان بە مامناوەند هەژمار دەكرێت، واتە ئاستەنگ هەیە، هەروەها لە ئەنجامدا بۆمان دەركەوت كەوا ئاستەنگی كەسێتی بەتایبەتی گرفتی خێزانی كاریگەری هەبوە تاڕادەیەك لەسەر ئاستی توانای زانستی مامۆستا. بێجگە لە دەستوەردانی حیزبی بۆ ناو زانكۆ بە ڕێژەی (%67.6) نمرە، لە كۆتایی توێژینەوەكە، توێژەر چەندین پێشنیاز و ڕاسپاردەی خستۆتەڕو بە مەبەستی چارەسەركردنی دۆخی مامۆستایان و دیاریكردنی ئاستەنگەكان و كاریگەریان لەسەر توانای زانستی مامۆستا.

**كلیلە وشەكان**: ئاستەنگ، توانا، مامۆستای زانكۆ، پێداویستی

## پێشەکی

زانکۆ ئەو دەزگا گرنگەیە بۆ هەر گۆمەڵگایەک کاریگەری دەخاتە سەر بەرەو پێشچونی لایەنی زانستی وهزری مامۆستا، زانکۆ بە بەردی بناغە دادەنرێت بۆ پرۆسەی فێربون و فێرکردنی خوێندکار بێجگە لە گەشەکردنی کۆمەڵگا بە هۆی بونی دەزگایەک وەک زانکۆ، لەبەر ئەوەی لە ڕێگای زانکۆوە نەوەیەک پەروەردە دکرێت و زانست و زانیاری دەگوازنەوە ئەمەش لە ڕێگای مامۆستایانی زانکۆوە بە ئەنجام دێت، مامۆستای زانکۆ وەک توێژێکی گرنگی کۆمەڵگا ئەگەر کەرەسەو و پێداویستییەکانی ژیان و زانکۆ، دابیننەکرێت لەوانەیە بەپێی کات واتە ناڕاستەوخۆ ئاستەنگ دروست بکات لە بەرەو پێشچونیان لە ڕوی زانستیەوە، وەکو پێویست ناتوانن ڕۆڵی خۆیان بگێڕن و پەرە بە توانای زانستی و ئەکادیمی و داهێنان بدەن ئەگەر چارەسەری ئەو ئاستەنگانە نەکرێت، وەک ئاستەنگی ئابوری و تایبەتی و کارگێڕی و چەندین گرفتی تر کە دەبنە ئاستەنگ لە ڕێگای توانای زانستی مامۆستایانی زانکۆ، چونکە، ئەو ئاستەنگانە دەبنە ڕێگر و هۆکار لە بەردەم هەوڵەکانیان و ناتوانن ڕۆڵی خۆیان بگێرین و خامەیان دیار بێت لە بوارە جیاجیاکانی پەروەردە و فێرکردندا، بۆیە مامۆستای زانکۆ وەکو توێژێکی گرنگی کۆمەڵگا و ئەکادیمی، پێویستە لە ڕوی مادی و مەعنەوییەوە پاڵپشتی بکرێن لەلایەنە جیاجیاکانەوە بەتایبەتیش لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیەوە، بۆیە مامۆستا نەوەیەک پەروەردە دەکات لە ڕوی زانستیەوە لە بوارە جیاوازەکاندا، دواتر ئەو نەوەیە دەخرێنە نێوەندی بازاڕەوە بۆ سود وەرگرتن لێیان لە بواری شارەزایی و چارەسەرکردنی توێژێکی تری ئەندامانی کۆمەڵگا، دواتر ئەم نەوەیە دەستاودەست ئەوانیش دەبنە مامۆستا و پزیشک و داهێنەر و فرۆکەوان تا دوایی، بۆیە دەستنیشانکردنی ئاسەنگەکان وەک زەرورەتێک دەستنیشان بکرێت تا سودی هەبێت بۆ دوارۆژی نەوەکان و دواتر پێشکەوتنی کۆمەڵگا.

### یەکەم: دیاریکردنی ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

١- **کێشەی توێژینەوەکە** دیاریکردنی ئاستەنگەکان لە بەردەم توانای زانستی مامۆستای زانکۆ لەوانەیە لە زانکۆیەکەوە بۆ زانکۆیەکی تر جیاواز بێت، لەبەر ئەوەی دەزگای زانکۆ لە وڵاتانی پێشکەوتو لە ڕوی ئابورییەوە زۆر پێشکەوتوە ناکرێت لەگەڵ ئەو زانکۆیانە کە لە وڵاتانی تر هەیە بەراورد بکرێت، بەڵام ئەگەر بێینە سەر ئاستەنگ لە ڕوی کەسێتی مامۆستاوە، ئەمەش لەوانەیە لە مامۆستایەکەوە بۆ مامۆستایەکی تر جیاوازی هەبێت، چونکە مامۆستا هەیە خۆی هۆکارە واتە پەرە بە خۆی نادات لە ڕوی ئەکادیمیەوە، بەڵام سروشتی مرۆڤ وایە ئاستەنگ هەیە کاریگەری خراپ دەخاتە سەر توانای و ئاستەنگیش هەیە کاریگەری باش واتە ئاستەنگ هەیە دەبێت بە هاندەر وپاڵنەرە بۆ هەوڵدان و سەرکەوتنی زیاتر، بۆیە ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە باس لەو مامۆستایانە دەکات کە ئاستەنگ هۆکارە لەبەردەم توانای زانستییان، ئیتر ئاستەنگەکان چ مادیی بێت یاخود مەعنەوی، وەک نوسینی توێژینەوەی زانستی و پەرتوک و نوسینی وتار وداهێنان بێجگە لە بەشدارینەکردن لە بوارەکانی سمینار و کۆنفراس و پانێڵ، ئەم گرفتانە وەکو پرسیار پێویستی بە وڵام هەیە، بۆیە پرسی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانین و دیاریکردنی ئاستەنگەکان لە بەردەم توانای زانستی مامۆستا لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی؟ و مامۆستایانی زانکۆ بە شێوەیەکی تایبەتی؟

٢. **گرنگی توێژینەوەکە** هەموو توێژینەوەیەکی زانستی گرنگی خۆی هەیە، چ لە ڕوی زانستیەوە بێت یاخود لە ڕوی پراکتیکیەوە، گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە ڕوی زانستی و پراکتیکەوە بە چەند خاڵێک دەخەینەڕو:-

١. لە ڕوی زانستیەوە گرنگی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە بایەخ پێدان بە توێژینەوەی زانستی لە بارەی ئاستەنگەکانی بەردەم توانای زانستی مامۆستایانی زانکۆ.

٢. هەروەها گرنگی تری ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە دیاریکردنی ئاستەنگەکان لە بواری پەروەردەییەوە.
٣.تازەگەری نوسینی ئەم توێژینەوەیە لە ڕوی زانستیەوە، دەبێتە زەخیرەیەکی تری زانستی بۆ کتێبخانەکانی زانکۆ.
٤. لە ڕوی پراکتیکییەوە گرنگی ئەم توێژینەوەیە، بریتیە لە ئەنجامدانی توێژینەوە لە بابەتی دیاریکردنی ئاستەنگەکانی بەردەم توانای زانستی مامۆستای زانکۆ لە ڕوە جیاجیاکانەوە، بۆیە توێژینەوە لەم بابەتە، ڕەنگە کاریگەری هەبێت لە چارەسەرکردنی هەندێک لەو ئاستەنگانە لە داهاتودا.
**٣. ئامانجی توێژینەوەکە** هەمو توێژینەوەیەک زانستی ئامانجی تایبەت بە خۆی هەیە، بۆیە ئامانجی ئەم توێژینەوەیەش بریتیە لە دیاریکردنی:
١. ئاستەنگی ئابوری.
٢. ئاستەنگی کارگێری.
٣.ئاستەنگی خودی.
٤.ئاستەنگی تەندروستی و سەلامەتی.
ب- دیاریکردنی ڕێژەی ئاماری لە نێوان گۆڕاوەکان وەک گۆڕاوی (ڕەگەز، تەمەن، پلەی زانستی مامۆستا، ئاستەنگەکان.

**دوەم: دیاریکردنی چەمەکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە**

**١.ئاستەنگ**

ئاستەنگ لە فەرهەنگی (الوسیت) بە مانای (ڕێگر) یاخود ڕێگری کردن لە بەدیهێنانی ئامانج، و خافڵاندنی تاک لە گەیشتن بە مەبەست هاتوە، ئەم ڕێگریکردنە ئاستەنگ دروست دەکات لەبەردەم داخوازیەکانی تاک (معجم الوسیط،1961: 643). بەڵام لە پێناسەیەکی تردا ئاستەنگ بە مانای تەنگ و چەڵەمەی ئابوری و کۆمەڵایەتی و کارگێریەوە دێت وکاریگەری دەبێت لە بەدیهێنانی ئامانجی ئەکادیمی (محمد، 2018: 896).

چەمکی ئاستەنگ لە دیدی زانایانی بواری دەرونزانییەوە بە مانای شڵەژان یان مەحاڵ دێت کە ئەو شڵەژانە لە وانەیە ئاستەنگی کەسی بێت و هۆکار بێت بۆ دروستکردنی ئاستەنگێکی تر لە بەردەم بەدیهێنانی ئامانجەکانی تاک (الشرقاوی وأخرون،1978: 138).

- بەڵام لە پێناسەی کارڕاییدا، وشەی ئاستەنگ بریتییە لە کۆمەڵێک ئاستەنگی جیاواز وەکو ئاستەنگی ئابوری و پەروەردەیی و کارگێری، کە ڕێگرن لەبەردەم توانای زانستی مامۆستای زانکۆ لەڕوی ئەکادیمیەوە.

**٢.توانا**

توانا لە ڕوی زانستیەوە بە مانای بەسەریا زاڵ دەبێت، یاخود لە توانایدا هەیە، یان لە توانای مرۆڤدا هەیە بە ئەنجام گەیاندنی (المنجد، 2012: 612). ئیتر کارێک بێت یاخود ئەنجامدانی پرۆژەیەکی زانستی بێت ...تا دوایی بەمانای مرۆڤ لە توانایدا هەیە بە ئەنجامدانی لە هەمو ڕویەکەوە.

- پێناسەی ڕێکاری بۆ چەمکی توانا بریتییە لە توانای مامۆستای زانکۆ بە ئەنجامدانی کارێک یاخود پرۆژەیەک یاخود نوسینی توێژینەوەیەکی زانستی یان پەرتوک بە بێ کەم کوڕی لە ڕوی مادی و مەعنەویەوە.

### ٣. مامۆستای زانکۆ

مامۆستای زانکۆ وەکو ڕێنیشاندەر و ئاراستەکەر ناودەبرێت و ئاڕاستەی خوێندکار دەکات، و بە شێوەیەکی گشتی مامۆستای زانکو وەکو گروپێکی پیشەیی گرنگ، زانست و زانیاری دەگوازنەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تری داهاتوی کۆمەڵگا، و چەند بیر و هزری مامۆستای زانکۆ بەرەو پێش بچێت ئەوەندە کاریگەری دەبێت لەسەر تێگەیشتنی خوێندکار و داخوازییەکانیان لە داهاتودا(کمال،2021 :524).

- پێناسەی ڕێکاری بۆ مامۆستای زانکۆ بریتیە لە کۆمەڵە کەسێک هەڵگری نازناوی زانستین و خاوەن شارەزایین هەر یەک لە پسپۆری جیا، وانە دەڵێنەوە لە زانکۆ، لە ماوەی ئەکادیمی شارەزاییان بە دەستیان هێناوە، وئەو زانستە دەگوازنەوە بۆ نەوەکان یەک لە دوایی یەک لە میانەی قۆناغەکانی پرۆسەی خوێندن.

## سێیەم : توێژینەوەکانی پێشوتر و ئاڕاستە تیۆرییەکان

### أ- توێژینەوەکانی پێشوتر

### 1. ئاستەنگەکانی بەردەم بەرهەمهێنانی زانستی ئەندامانی دەستەی وانەبێژی لە زانکۆی تەبوک (توێژینەوەیەکی مەیدانییە)

ئامانجی ئەم توێژینەوەییە بریتیبو لە زانینی ئاستەنگەکانی بەردەم بەرهەمهێنانی زانستی ئەندامانی وانەبێژ لە زانکۆی تەبوک، لەم توێژینەوەیە دو میتۆد بە کارهاتوە یەکەم: میتۆدی وەسفی ودوەم: میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی، وچەسپێنرابو بە سەر (200) کەسدا وەکو یەکەی توێژینەوەکە، وفۆرمی ڕاپرسی بە (30) پرسیار دیزاین کرابو بە شێوەی پێوەر، و دابەش کرابو بەسەر تەنها توێژی مامۆستایانی زانکۆ لە زانکۆی تەبوک، و ئامرازی ئاماری جیاجیا بەکارهاتبو لە توێژینەوەکەدا، لە کۆتاییدا توێژەر بە چەند ئەنجامێک کەیشتبو کە گرنگترینیان بریتی بون لە: توێژەر بۆی دەرکەوت کەوا ڕێژەی ئاستەنگ لە بواری ئاستەنگی توێژرەران و ئاستەنگ لە بواری بونیادی ئابوری و زانستی هات بە ڕێژەی مامناوەند ، بەڵام ڕێژەی ئاستەنگ لە سیستەمەکان و ئاستەنگ لە جۆری بڕیارەکان و کەش و هەوای زانکۆ هات بە ڕێژەیەکی زۆر بەرز، لە بارەی بونی جیاوازی ئاماری توێژەر بۆی دەرکەوت کەوا هیچ جیاوازی ئاماری بەدی ناکرێت بە ڕێژەی (0،05) سەبارەت بە گۆراوی (جۆری کۆمەڵایەتی، یاخود پلەی زانستی مامۆستا، پسپۆری زانستی و مرۆڤایەتی)، لە کۆتاییدا وپاڵپشت بە دەرئەنجامەکان توێژەر پێشنیار دەکات بە پێویستی کارکردن بۆ کشەسەندنی کاری توێژینەوە وپاڵپشتی کردنیان بۆ ئەندامانی مامۆستایان زانکۆی تەبوک، وگرنگیدان بە لایەنی ئابوری بە مەبەستی هاندانی زیاتر بۆ نوسینی توێژینەوە زانستی وفەراهەم کردنی ئامێر و کەرەستەی پێویست بۆ زانکۆکان(الحویطلي،2017).

### ٢. ئاستەنگەکانی بەردەوامی خوێندنی باڵا (لە ڕاوبۆچونی ئەندامانی دەستەی وانەبێژ لە زانکۆکانی ئەردەن)

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیبو لە زانینی ئاستەنگەکانی بەردەوامی خوێندنی باڵا بە پشت بەستن بە ڕاوبۆچونی ئەندامانی دەستەی مامۆستایان لە زانکۆکانی وڵاتی ئەردەن، بێجگە لە دیاریکردنی چەند پەیوەندیەک لە نێوان گۆڕاوەکان کە دیاری کرابو بە شێوەی فۆرمی ڕاپرسی، گۆڕاوەکانیش بریتی بون لە (ڕەگەز، زانکۆ، بەشەکان، پلەی زانستی مامۆستا) ودابەش کرابو بەسەر (830) مامۆستای زانکۆ وەکو یەکەی نمونەی توێژینەوەکە، وبەشێوەی هەڕەمەکی چینایەتی نمونەکە دیاریکرابو، وفۆرمەکەش لە (48) بڕگە پێک هاتبو ودابەش کرابو بەسەر (4) بەشدا، هەروەها بە ئامرازی ئاماری جیازاو پێوانە کرابو، لە کۆتاییدا ئامانجی توێژینەوەکە ئەوەی دەرخستبو کەوا ڕێژەی ئاستەنگەکانی بەردەوامی خوێندنی باڵا زۆر بەرز بوە، هەروەها ئەوەشی خستبوەڕو بە هەبونی جیاوازیەکی زۆر لە نێوان پەیوەندی گۆڕاوەکان لە بەرژەوەندی ڕەگەزی نێر بوە لە بواری کارگێری کاری زانکۆ، و لە بەرژەوەندی ڕەگەزی مێ بوە لە بواری پرۆگرامەکانی خوێندن ورێگاکانی وانەوتنەوە، هەروەها بونی پەیوەندی ئەرێنی لە قازانجی زانکۆ حکومییەکان بوە لە بواری ئازادی ئەکادیمی و ڕەوشی ئەندامانی مامۆستا، هەروەها لەبواری توێژینەوەی زانستیش هەر لە پێشەوە بون، ودەرئەنجامەکان ئەوەشیان دەرخستوە کەوا زانکۆ ئەهلیەکان خاڵی ئەرێنیان بەدەست هێناوە لە بواری پرۆگرامەکانی خوێندنەوە و ڕێگاکانی وانەوتنەوەشدا، خاڵیکیتری ئەرێنی ئەم توێژینەوەیە لە بەرژەوەندی بەشەکانی مرۆڤایەتی دەردەخات، وهەوەها لە بەرژەوەندی پلەی زانستی بە پلەی باڵا پلەی (پرۆفسیۆر) نمرەی باشترینیان بەدەست هێنابو، لەکۆتایی توێژینەوەکە توێژەر چەند ڕاسپاردەو پێشنیاری خستبوەڕو بە مەبەستی دانانی پلانی ستراتیجی بۆ کەمکردنەوەی ئاستەنگەکانی کە دبنە هۆی بەرەوپێشنەچونی زانکۆ و توانای مامۆستا (الخوالدة،2016).

### ب-ئاراستە تیۆرییەکان

### ١Need Theory-تیۆری پێداویستی سەلماندنی خود (ماسلۆ)

بە یەکێک لە تیۆرە هەرە گرنگەکانی (Abraham Maslow) تیۆری زانا ماسلۆ دەروناسی و کۆمەڵایەتی دادەنرێت، لەبەرئەوەی وەک سەرچاوە لە هەمو توێژینەوەکاندا ئەم تیۆرە گرنگە بۆ پراکتیزە کردنی کێشەکانی ناو کۆمەڵگا ئاماژەی پێی دەکرێت، لە ساڵی (1954) زانای بە ناوبانگی ئەمریکی (ماسلۆ) لە ڕێگای تێبینیکردنەوە بە شێوەیەکی زانستی بەم تیۆرە گەیشت، ئەوەش لە چوارچێوەی دابین کردنی پێداویستیە سەرەکییەکانی مرۆڤ داڕێژرابو وەک پێداویستی بایەلۆژی، دەرونی ، کۆمەڵایەتی، و بە شێوەی زنجیرەیی (سێگۆشە) دیزاینی کردبو، کە پێداویستیەکانی مرۆڤ بە گشتی چین؟ بە شێوەی پلەبەندی پۆلێنی کردبو، هەروەها زانا ماسلۆ پێی وابو کەوا مرۆڤ بۆ ئەوەی بگات بە ئاستی خود سەلماندن و خۆدەرخستن و بڕوابون بە خۆی پێویستە لە سەرەتادا پێداویستیەکانی وەک نان وئاو بۆی دابینبکرێت کە ماسلۆ ناوی نابو پێداویستی سەرەکی (محیسن،2020: 566)، هەروەها پێیوابو کە وا مرۆڤ بەردەوام پێویستی بە سەلماندنی خودی خۆی هەیە لە ڕوی دەرونی و کۆمەڵایەتیەوە بێجگە لە پێداویستیەکانی خۆڕازاندنەوە واتە جوانکاری وەک بونی (جلوبەرگ و کەرەسەکانی تەکنەلۆژیا و ئۆتۆمبێل تادوایی) دواتر پلەی پێداویستی ئاسایش و پارێزگاری کردنی کۆمەڵایەتی لە دوای ئەو پێداویستییانەی تر دێت، بۆیە مامۆستای زانکۆ بەردووام لە هەوڵداندایە بۆ برەودان بە خۆی لە ڕوی زانستیەوە یاخود مەعنەویەوە، ئەمەش بەدینایەت ئەگەر ئاستەنگەکانی بەردەم توانای زانستی پەرەی پێنەدرێت، هەر وەک لە سێگۆشەکەی زانا (ماسلۆ) دیارە لە هێڵکاری ژمار(1) زیاتر ڕونکراوەتەوە کەوا پێداویستی سەرەکیەکانی مرۆڤ چەندە تێر بکرێت ئەوەندە مرۆڤ لە هەوڵدایە بۆ تێرکردنی پێداویستیەکانی تر وەک سەلماندنی خود لە ڕوی مەعنەویەوە.




وێنەی (1) هێڵکاری سێگۆشەی ماسلۆ بۆ پێداویستی تاک

**٢Achievement- تیۆری (کەسایەتی) لەسەر بنەمای پێویستی دەستکەوت (الانجاز)**

لە ساڵی (1938) زانای ئەمریکی ( هنری مورای) بە یەکەم کەس دادەنرێت لە بواری دەرونزانی کە زاراوەی (پێویستی مرۆڤ بە دەسکەوت) واتە زاڵبون بە سەر ئاستەنگەکانی ژیان دارشت، و داوا لە مرۆڤەکان دەکات کە بەهێز بن، وبەردەوام بن لە هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی کاری مەحاڵ و گەیشتن بە ئامانجەکانیان بەپێی توانا، بەڵام زانا هنری پێیوایە دەبێت مرۆڤ بۆ ئەم مەبەستە خێرا بێت و بە کاتێکی کورت و دیاریکراو ئامانجەکانیان بەپێکێن (الشرقاوی، 1978 :136).

هەروەها جەختی لەوەش کردۆتەوە کەوا پێویستە مرۆڤەکان بەردەوام لە هەوڵدابن و تێبکۆشن لە پێناو بەدیهێنانی پلەی باڵاتر و سەرکەوتن وئامانجەکانیان بە ئاستێکی بەرز بەدیبهێنن، پێویستە پرۆسەی کێبڕکێ هەبێت لە نێوان مرۆڤەکان تا پلەی سەرکەوتن بەدەستبهێنن، ئەمەش لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی پێداویستی خود لە لای مرۆڤ، هەروەها لە پێناو ئەنجامدانی کاری سەرکەوتو دەبێت بەپێی توانای کەسەکان بێت بێجگە لە بونی بەهرەی خودی (الشرقاوي،1978 :136).

ئەگەر ئەم تیۆرە لەسەر کۆمەڵگای توێژینەوەکە پراکتیزە بکەین (ئاستەنگەکانی بەردەم توانای زانستی مامۆستای زانکۆ لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی، دەبینین لە ساڵی 1938 زانا هنری داوا لە مرۆڤەکان دەکات کەوا

بەهێزبن و کێبڕکێبکەن لە پێناو سەرکەوتن و بەدیهێنانی ئامانجەکانیان، بۆیە مامۆستای زانکۆ لە هەرێمی کوردستان سەرەڕای بونی قەیرانی دارایی و ناجێگیری لە ڕوی سیاسیەوە و نەبونی هەندێک لە پێداویستی لەناو زانکۆ و نەبونی مەرجی تەندروستی و سەلامەتی لە هۆڵەکانی خوێندنی هەندێک لە زانکۆکان یاخود بەشەکان، بێجگە لە بونی گرفت یاخود ئاستەنگ لە ڕوی کەسێتی هەندێک لە مامۆستایانی زانکۆ، دەتوانین بڵێین مامۆستاکان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان زاڵن بەسەر ئەو ئاستەنگانەی کە دێنە ڕێگەیان لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکانیان و ئامانجە خودییەکانیان وەک بەهرە و حەز و ئارەزو ، بۆیە مامۆستای زانکۆش وەک هەر توێژێکی تر ڕوبەڕوی ئاستەنگ و چەندین گرفت بونەتەوە بەڵام بەپێی ئەم تیۆرە لە پێناو دەسکەوتی زانستی و ئامانجە ئەکادیمییەکان مامۆستای زانکۆ لە هەرێمی کوردستان توانیویانە زاڵبن بەسەر ئاستەنگەکانی بەردەم توانای زانستیان.

## چوارەم: دیاریکردنی ئاستەنگەکانی بەردەم توانای زانستی مامۆستا

به سود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوتر و ئاراستە تیۆرییەکان، توێژەر سودی وەرگرت لە دیاریکردنی ئاستەنگەکان کە دەبنە هۆکار لە بەردەم بەرەوپێشنەچونی ئاستی زانستی مامۆستایانی زانکۆ.

### ١.ئاستەنگی ئابوری

زانای بەناوبانگ (کارل مارکس) پێی وایە باشتر کردنی باری ئابوری هەر تاکێک لە ناو کۆمەڵگادا ڕەنگدانەوەی دەبێت لە دیاریکردنی ئاستی داهات وپیشەکەی و پلە و پایەی، هەروەها کاریگەری دەبێت لەسەر ئاستی زانستی و بەها کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا(غریب،1995 262)، بەپێچەوانەوە ئاستەنگی ئابوری کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر تواناکان یەک لەوانە توانای زانستی مامۆستا.

ئاستەنگی ئابوری هەر کۆمەڵگایەک هۆکارە بۆ بەرەوپێشنەچونی ئەندامەکانی کۆمەڵگا لە هەمو بوارەکانی ژیانەوە و نەهاتنەدی ئاواتەکانیان وەکو پێویست، بۆیە مامۆستای زانکۆ وەک توێژێکی گرنگی کۆمەڵگا لەوانەی ڕوبەڕوی چەندین تەنگوچەڵەمەی ئابوری جیاواز بەبێتەوە لە ڕوی کەسێتی لە دواکەوتنی موچە لە کاتی خۆی و نەدانی ئەو بڕە پارەیە کە وەک وانەبێژ وەریدەگرن بێجگە لە مافی تر وەک خەرجی (گفتوگۆکردنی تێزەکان، هەڵسەنگاندنی توێژینەوەی زانستی، هەڵسەنگاندنی زمانەوانی، خەرجنەکردنی هاوکاری لەبواری توێژینەوەی زانستی ...تادوایی) ئەم بڕە داهاتانە ئەگەر لە کات و ساتی خۆی خەرجنەکرێت کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر ژیانی کەسێتی مامۆستا و پەککەوتنی کارەکانی، دواتر کاریگەری دەخاتە سەر ئاستی چالاکی مامۆستا لەسەر ئاستی زانستیش وەک (ئامادەنەکرنی وانەکان بە پشت بەستن بە ئامرازی پێشکەوتوی تەکنەلۆژیای زانستی، ئامادەنەبون و بەشدارینەکردن لە کۆڕو کۆنفراسەکان لە دەرەوەی وەڵات، یاخود ئەنجامنەدانی توێژینەوەی زانستی لەبەر هۆکاری ماددی، چاپنەکردنی پەرتوک، کەمی پێداویستی لە بەشەکان، نەبونی پێداویستی تاقیگە لە بەشە زانستییەکان، نەبونی پێداویستی پێویست لە بەشەناوخۆییەکان، نەبونی شوێنی ڕاوەستانی ئۆتۆمبێلی، نەبونی ژوری تایبەت بە مامۆستایانی زانکۆ، خەرجی توێژینەوە لە کاتی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی مامۆستا، بۆ نمونە چون دەبێت مامۆستای زانکۆ خەرجی پلەی زانستی بدات لە کاتی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی بۆ نممونە لە پلەی پرۆفسیۆر یاخود پرۆفسیۆری یاریدەدەر تا دوایی لە ئاستەنگەکان.

### ٢.ئاستەنگی کارگێری

یەکێک تر لە ئاستەنگەکان کە دێنە بەردەم توانای زانستی مامۆستایانی زانکۆ، بریتییە لە بەرزنەرکردنەوەی پلەی مامۆستایان بە شێوەی (ترفیع) کە چوار ساڵ جارێک بە مامۆستا و فەرمانبەرانی دەدرا، بەڵام بەم ساڵانەی دوایی بە هۆی پاشەکەوتی موچە و دواکەوتنی موچە هەر بە تەواوەتی پلەبەرزکردنەوە ڕاگیرا، هۆکارێکی تر لە ڕوی کارگێریەوە پێدانی مۆڵەت بە مەبەستی درێژەدان بە پرۆسەی خوێندن یاخود خوێندنی پۆست دکتۆرا یاخود نوسینی پەرتوک هەندێک لە مامۆستایان بە شێوەی ئیفاد یاخود مۆڵەتی درێژخایەن دنێردرێنە دەرەوەی وڵات ئەم شێوەی مۆڵەت پێدانە جیاوازی تاکایەتی تێدا بەدیدەکرێت، واتە بۆ هەمو مامۆستایەکی زانکۆ وەک یەک نییە؟ هۆکارێکی تر پێدانی پلەی باڵایە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، وەکو پێدانی پلەی ڕاگر و سەرۆک بەشەکان یاخود سەرۆکی زانکۆ ...هتد ئەم جۆرە پلەبەرزکردنەوەی کارگێڕییە تەنها بڕیارێکە لەبەرژەوەندی هەندێک کەس دارێژراوە، بێجگە لە دواکەوتنی هەندێک مافیتری مامۆستا لە کاتی تاقیکردنەوەکان وبونیان بە ئەندام لە لیژنەکان، ئاستەنگێکی تر بەشداریکردن لە خولەکان بۆ گشت مامۆستایان وەکو یەک نیە، ئاستەنگێکی تر دەستوەردانی پارتە سیاسیەکانە لە کاتی وەرگرتنی خوێندکار لە خوێندنی باڵا، مامۆستا ئازاد نییە لە بڕیاردان، ئاستەنگیکی تر درنگ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان قوتابی و مامۆستا یاخود کێشەی نێوان مامۆستا و مامۆستا لە ڕوی کارگێریەوە و پەکخستنیان بۆ ماوەیەکی دور و درێژ و بەدواداچون ناکرێت یان زۆر درنگ بەدواداچون دەکرێت، ئاستەنگیکی تر نەبونی شوێنە لە ڕوی کارگێریەوە بۆ مامۆستایانی زانکۆ وەک هەبونی ژوری تایبەت، نەبونی کارمەندی خزمەتگوزار لەزۆربەی زانکۆکان یاخود وەکو پێویست ڕاهێنانی کارکردنیان پێنەکراوە بەشێوەیەکی سەردەمیانە وەکو کۆمپانیاکان بۆیە دەبینین زۆربەی کۆلێژەکان لە ڕوی پاک و خاوێنیەوە وەکو پێویست نین ...تادوایی لە ئاستەنگەکان.

### ٣.ئاستەنگی (خودی)کەسێتی

یەکێکی تر لە ئاسەنگەکانی بەردەم توانای زانستی مامۆستای زانکۆ بریتییە لە ئاستەنگی کەسێتی وەک کێشەی خێزانی، توێژی مامۆستاش وەک هەر توێژێکی تر لە ناو کۆمەڵگا ڕوبەڕوی کێشەو گرفتی زۆر دەبێتەوە هەر لە گرفتی نەبونی خانو و کرێی قوتابخانەی تایبەتی بۆ منداڵەکانی و کرێی ئۆتۆمبێل ...هتد لە پێداویستیەکان کە ڕەنگە کاریگەری هەبێت لە سەر توانای زانستی مامۆستا، بێجگە لە بونی هەندێگ ئاستەنگ تر وەک حاڵەتی جیابونەوە (تەڵاق)، یان حاڵەتی لەدەستدانی یەکێک لە باوک یان دایک، کێشەی قەرز، گرفتی کۆمەڵایەتی، نەبونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی...هتد، ئەمانە ڕەنگە کار بکەنە سەر ئاستی زانستی مامۆستا، لەوانەیە بە پێچەوانەوەش بێت ئەم ئاستەنگانە بەبێت بە هاندەر بۆ مامۆستا بۆ بەرەوەدان بە خۆی و توانای زانستییان.

### ٤.ئاستەنگی تەندروستی وسەلامەتی

ئاستەنگی تەندروستی بەم ساڵانەی دوایی بە هۆی بڵاوبونەوەی پەتای کۆرۆنا یەکێک بو لەو ئاستەنگانە کە ژمارەیەک لە مامۆستایانی زانکۆ بونە قوربانی ئەم پەتایە، بێجگە لە ژمارەیەک مامۆستا توشی نەخۆشی درێژ خایەن بونە وەک سیل و شێرپەنجە شەکرە ونەخۆشی دڵ ...هتد، ئەم ئاستەنگانە ڕەنگە هۆکار بێت بۆ بەرەو پێشنەچونی توانای ئەکادیمی مامۆستا، وئاستەنگیکی تری مامۆستای زانکۆ لە ڕوی سەڵامەتی گیانی و دەرونییەوەیە، کە دەبێ مامۆستا پارێزراو بێت لە ڕوی ئاسایشی کۆمەڵایەتییەوە، بە تایبەتی لە ساتی بونی کێشە لە نێوان قوتابی/خوێندکار و مامۆستا یان بونی کێشەیەک لە نێوان دو مامۆستا ، ئەم حاڵەتانە پێویستی بە چارەسەرکردنی خێرا هەیە، وگیروگرفتی مامۆستا زو

چارەسەر بکرێت چونکە ئێمە لە کۆمەڵگایەک دەژین کە هێشتا کاریگەری کۆمەڵایەتی زاڵە، وشوێنی مامۆستا لە زۆربەی کۆلێژەکاندا وەکو پێویست نییە یان هەر نیە ئەمەش لەڕوی سەلامەتیەوە کاریگەری نەرێنی دەخاتە سەر ژیانی جەستەیی و دەرونی مامۆستا، ئاستەنگێکی تر بریتییە لە نەبونی ئامێری گەرمی و ساردی لە هەردو وەرزی ساڵدا ئەمەش گرفتێکی تری مامۆستایانی زانکۆیە؟ هۆڵەکانی خوێندن و تاقیگاکان و شوێنی مامۆستا لەڕوی پاک و خاوێنیەوە سەڵامەت نییە، بێجگە لە دەسشۆرەکان (توالێت) کە مەرجی تەندروستی و سەلامەتی تیاندا نییە، هەروەها کەرەسەی پێویست لەو شوێنانە یان نییە یان کەمە، ئەم گرفتەش لەوانەیە کاریگەری ناڕاستەوخۆی هەبێت لەسەر ژیان و تواناکانی مامۆستا، زۆربەی کتێبخانەکان لە ڕوی سەلامەتیەوە لە ناو زانکۆکان تەندروست نین بە هۆی بونی تۆز و خۆڵ وشوێنی پێویست نین ئەمەش کاریگەری دەبێت لە نەخوێندنەوەی پەرتوک بە هۆکاری کۆن و پیسی شوێنی کتێبخانەکان.

## پێنجەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە

### ١.میتۆدی توێژینەوەکە

جۆری توێژینەوەکە توێژینەوەیەکی چەندایەتییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەم توێژینەوەیە پشت بەستراوە بە (2) جۆر لە میتۆدی تر، وەکو (میتۆدی وەسفی شیکاری کە میتۆدی سەرەکی توێژینەوەکەیە، بەکارهات لە وەسفی کردنی ئاستەنگەکان و دواتر شیکردنەوەی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە، میتۆدی دوەم میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتییە بەکارهات لە کاتی بەدەستهێنانی زانیاری سەبارەت بە ژمارەی مامۆستایان لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە.

### ٢.کۆمەڵگای توێژینەوەکە

سەرجەم ئەو مامۆستایانە دەگرێتەوە کە وانە دەڵێنەوە لە فاکەڵتی پەروەردە – زانکۆی کۆیە.

### ٣.قەبارەی توێژینەوەکە

لەسەر بنەمای کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی کۆمەڵگای ڕاستەقینەی توێژینەوەکە وپشتبەستن بە میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی، زانیاری ژمارەی ئەو مامۆستایانە بریتیبون لە (146) مامۆستا لە هەردو ڕەگەز (نێر و مێ)، کە سەرجەمیان لە فاکەڵتی پەروەردەی – زانکۆی کۆیە وانە دەڵێنەوە، لە خشتەی (1) زیاتر ڕونکراوەتەوە، دیاریکران بە نمونەی قەبارەی توێژینەوەک.

خشتەی ژمارە(1) ژمارەی مامۆستا و قەبارە و نمونەی توێژینەوەکە

| بەشەکان | ژمارەی مامۆستا | نمونەی توێژینەوەکە٢٥% |
|---|---|---|
| جوگرافیا | 29 | 7 |
| زمانی کوردی | 28 | 7 |
| زمانی عەرەبی | 22 | 5 |
| زمانی ئینگلیزی | 10 | 2 |

| | | |
|---|---|---|
| مێژو | 26 | 6 |
| دەرونزانی | 12 | 3 |
| پەروەردەی ئاینی | 19 | 4 |
| **کۆی گشتی** | **146** | **34** |

سەرچاوە: فاکەڵتی پەروەردە(٢٠٢٢)،بەشی ڕاگرایەتی، هۆبەی نوسینگەی ڕاگر، لە ڕێکەوتی ٢٣/١٠/،زانکۆیی کۆیە

## ٤. نمونەی توێژینەوەکە

بۆ دەستنیشانکردنی نمونەی توێژینەوەکە، پشتبەسترا بە (نمونەی هەڕەمەکی چینایەتی)، ئەم نمونەیە کاتێک دەستنیشان دەکرێت، کۆمەڵگای توێژینەوە یەکانگیرنەبێت لەڕوی تەمەن و ڕەگەز و ئاین وشوێنی نیشتەجێبونەوە، بە واتای کۆمەڵگای توێژینەوەکە لە چەند چینێک پێکهاتوە، (الزیباری،2011، لبنان)، بەڵام توێژەر دەتوانێت ئەم جۆرە نمونەیە دەستنیشان بکات وپەیڕەوەی بکات لە توێژینەوەکەی لەسەر بنەمای تەمەنی جیاواز، ڕەگەز، ئاینی جیاواز(موسڵمان و مەسیحی)، یان لەسەر بنەمای ئاستی زانستی جیاواز بون.

بە پشتبەستن بە بنەمای نمونەی چینایەتی هەڕەمەکی (العشوائیة) بە مەزەندەی (25%) کۆمەڵگای توێژینەوەکە وەرگیرا بەم شێوەیە (ژمارەی بەش (100/29*25) نمونەی توێژینەوەکە دیاریکرا بە (34) مامۆستا لە هەردو ڕەگەز، لە کۆی گشتی (146) مامۆستا لە فاکەڵتی پەروەردە- کۆیە، بۆ زانیاری زیاتر قەبارەی نمونەکە لە خشتەی ژمارە(1) ڕونکراوەتەوە.

## ٦. ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکە

ئەو ئامرازانەی کە بۆ ئەم توێژینەوەیە بەکارهات بریتیبون لە (ئامرازی ئاماری چاوپێکەوتن، فۆرمی ڕاپرسی) کە بەم شێوەیە خوارەوە ئامادەکرابو:

سەرەتا فۆرمی شارەزایان ئامادەکرا، بە مەبەستی زانيني ڕاستێتی ئاستی پێوەری فۆرمەکە، کە بە شێوەی ڕاستگۆیی ڕەواڵەتی (الصدق الظاهري) بو، لە سەرەتا فۆرمەکە بە دو شێوە دابەشکرا، بە شێوەی دەستی و بە شێوەی ناردن لە ڕێگای وێب سایتەوە، بۆ زانیاری زیاتر، ناو و پلەی زانستی مامۆستا بەڕێزەکان لە پاشکۆی ژمارە(1) ڕونکراوەتەوە، لە پاش وەرگرتنی ڕاوبۆچونی مامۆستایان سەبارەت بە پرسیارنامەی فۆرمەکە، بە لابردن و چاککردن و زیادکردنی هەندێک لە پرسیارەکان، نمرەی ڕاستێتی پێوەرەکە گەیشتە (79.5%) نمرە، ئەمەش ئاماژەیە بە ڕاستگۆیی ئاستی پێوەرەکە بە شێوەیەکی باش و لە پاشکۆی ژمارە(2) ئاماژەی پێکراوە.

لە قۆناغی دوەم: دەستکرا بە ئەنجامدانی ئاستی جێگیربونی فۆرمە بە مەبەستی دڵنیابون لە جێگیری فۆرمەکان، کە ئەمەش بە ڕێگای (ئەلفا کرۆنباغ) تاقیکرایەوە، لە سەرەتادا (17) فۆرم تاقیکرایەوە و ئاستی دڵنیایی فۆرمەکان گەیشتە (76.9%)نمرە، بە هەمان تاقیکردنەوە، توێژەر هەستا بە لابردنی دوان لە پرسیارەکان واتە (15) فۆرم تاقیکرایەوە، بەم شێوازە ئاستی جێگیربونی فۆرمەکان زیادیکرد گەیشتە (77.7%) نمرە، ئەمەش ئاماژەیە بە ئاستی جێگیربونی فۆرمەکان، سەبارەت بە شێوازی دابەش کردنی فۆرمەکان، پرۆسەکە بە دو شێواز ئەنجامدەرا، یەکەم: شێوازی چاوپێکەوتنی

ڕاستەوخۆ بە پێدانی فۆرمەکان، دووەم: بە شێوەی ناڕاستەوخۆ ئەنجامدەرا، واتە فۆرمەکان جێهێڵان لەو بەشانەی کە مامۆستاکان وانەی لێدەڵێنەوە بۆ ماوەی ڕۆژێک یان زیاتر کە ژمارەی پرسیارەکان بریتی بو لە (20) پرسیار" دواتر فۆرمەکان کۆکرانەوە بروانە خشتەی (2) بۆ ژمارەی مامۆستایان، دواتر فۆرمەکان بە ڕێگای جانتای زانیاری ئاماری شیکردنەوەیان بۆ ئەنجامدەرا.

## شەشەم: خستنەڕو و شیکردنەوەی زانیاری گشتی و تایبەتەکانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە

## یەکەم: خستنەڕوی خشتەکان و شیکردنەوەی زانیارییە گشتییەکانی توێژینەوەکە

### 1-ڕەگەز

وەرگرتنی ڕاوبۆچونی مامۆستایان لە هەردو ڕەگەز گرنگی خۆی هەیە لە چۆنیەتی بیر کردنەوەیان لە جۆری ئاستەنگەکان وگیرگرفتی مامۆستایان، بۆیە ئاستی گرفتەکان ڕەنگە بەپێی ڕەگەزەکانیش جیاواز بێت، یان کاریگەری هەبێت یان کاریگەریەکان کەمتر بێت.

لە خشتەی ژمارە(2) دا دەرکەوێت کە وا ڕێژەی سەدی ڕەگەزی نێر دەکاتە(82.4%) ڕێژە، بەڵام ڕێژەی سەدی ڕەگەزی مێ (17.6%) لە کۆی (34) مامۆستا.

خشتەی ژمارە(2) ڕەگەزی توێژینەوەکە دەخاتەڕو

| ڕەگەز | ژمارە | % |
|---|---|---|
| نێر | 28 | %82.4 |
| مێ | 6 | %17.6 |
| کۆی گشتی | 34 | %100 |

### ٢-پسپۆری

لە خشتەی ژمارە(3) کە لە خوارەوە ئاماژەی پێکراوە پسپۆری یەکەی توێژینەوەکە دەخاتەڕو، دەردەکەوێت کەوا زۆرترین پسپۆری کە ڕێژەکەی گەیشتبوە(41.2%) مامۆستای یاریدەدەر، و ڕێژەی (35.3%) لە بەشی مامۆستا بو، هەروەها ڕێژەی پرۆفیسۆری یاریدەدەر گەیشتە (20.6%)، بەڵام پرۆفسیۆر ڕێژەکەیان تەنها (2.9%) لە کۆی (34) مامۆستا.

لە دەرئەنجامدا بۆمان دەردەکەێت کەوا دیاریکردنی پسپۆری بۆ مامۆستایانی زانکۆ زۆر گرنگە بۆ زانینی ڕاوبۆچونیان سەبارەت بەو ئاستەنگانەی کە دبنە بەربەست لەبەردەم توانای زانستیان بە شێوەیەکی گشتی، و مامۆستایان لە زانکۆی کۆیە /فاکەڵتی پەروەردە بە شێوەیەکی تایبەتی، لەبەرئەوەی هەر کەسەو بەپێی جۆری پلەی زانستی و ئاستی شارەزا لە پرۆسەکە بیروڕای خۆی دەردەبڕێت سەبارەت بە پرسیارەکان.

خشتەی ژمارە(3) پسپۆری توێژینەوەکە دەخاتەڕو

| پسپۆرییەکان | ژمارە | % |
|---|---|---|

| | | |
|---|---|---|
| مامۆستای یاریدەدەر | 14 | %41.2 |
| مامۆستا | 12 | %35.3 |
| پرۆفیسۆری یاریدەدەر | 7 | %20.6 |
| پرۆفسیۆر | 1 | %2.9 |
| **کۆی گشی** | **34** | **%100** |

**دووەم: خستنەڕوی خشتەکان و شیکردنەوەی زانیارییە تایبەتەکانی توێژینەوەکە**

سەبارەت بە کاریگەری دواکەوتنی موچە لەسەر توانای زانستی مامۆستا، لە کۆی (34) مامۆستا بە ڕێژەی(70.6%) ئاماژەیان کردوە بە بەڵێ، واتە زۆرترین ڕێژە ئاماژەیە بە بونی ئاستەنگە لەبەردەم توانای زانستی مامۆستایان، سەبارەت بە بڕگەی دوەم، ئایە ڕاوەستانی پلەبەرزنەکردنەوەی ساڵانەی مامۆستا (تەرفیع) کاریگەری دەبێت لەسەر توانای زانستی مامۆستا؟ دەرکەوت بە ڕێژەی (67.6%) مامۆستا ئاماژەیان کردوە بە بەڵێ، واتە زۆرترین ڕێژەیە بە بونی ئاستەنگ لەبەر دەم توانای زانستی مامۆستا، هەروەها سەبارەت وەڵامی بە بڕگەی شەشەم بە ڕێژەی (47.1%) مامۆستا ئاماژەیان کردوە بە بەڵێ واتە ئاستەنگ هەیە، سەبارەت بە بڕگەی نەبونی ژور و مەرجی تەندروستی سەلامەتی لە هۆڵەکانی خوێندن وکاریگەرییان لەسەر توانای زانستی مامۆستا لە هەردو بڕگەکەدا ئاماژەکراوە بە تاڕادەیەک واتە کاریگەریەکە ماماوەندە؟ سەبارەت بە بونی ڕۆتین لە ڕوی کارگێڕیەوە لەناو زانکۆ وکاریگەری لەسەر توانای زانستی مامۆستا، دەتوانین بڵێین بە یەک نمرە ڕێژەی بەڵێ زیاتر بو لە ڕێژەی تاڕادەیەک لە ئاستی کاریگەرییەکان، بەڵام بڕگەی گیرۆگرفتی نێوان مامۆستا و خوێندکار کاریگەری دەخاتە سەر توانای زانستی مامۆستا؟ بەڕێژەی (44.2%) مامۆستا ئاماژەیان کردوە بە تاڕادەیەک، سەبارەت بە وەڵامی بڕگەی پاڵنەری ماددی تەرخانکراوە لە زانکۆکان؟ بە مەبەستی هاندانی مامۆستایان بۆ نوسینی توێژینەوەی زانستی زۆرترین مامۆستا کە ژمارەیان (13) مامۆستایە ئاماژەیان کردوە بە نەخێر، واتە کاریگەری هەبوە بە ڕێژەی (41.2%)مامۆستا، و (17) مامۆستا ئاماژەیان کردوە بە بونی نایەکسانی لە نێوان مامۆستاکان لە دانانیان لە لێژنەکان، بە ڕێژەی (44.1%) ئاماژەییان کردوە بە بونی کاریگەری لەسەر توانای زانستی مامۆستا، سەبارەت بە وەڵامی بڕگەی شاندکردنی مامۆستا بۆ دەرەوەی وڵات تا چەندە لەسەر بنەمای یەکسانییە؟ بەڕێژەی (50.0%) مامۆستا ئاماژەیان کردوە بە بونی نایەکسانی و کاریگەری لەسەر توانای زانستی مامۆستا، واتە نیوەی مامۆستایان، بەڵام ڕێژەی (52.9%) مامۆستا ئاماژەیان کردوە بە تاڕادەیەک بە بونی کاریگەری کەسێتی مامۆستا لە سەر توانای زانستی، واتە بەڵێ کاریگەری هەیە، سەبارەت بە ئاستەنگی خەمساردی مامۆستا خۆی لە بەرەوپێشچونی توانای زانستی خۆی؟ دەرکەوت بە ڕێژەی (47.1%) مامۆستا ئاماژە دەکەن بە تاڕادەیەک و هەمان ڕێژە ئاماژەدەکەن بە بەڵێ، واتە کاریگەری هەیە؟ سەبارەت بە پرسیاری دەستوەردانی پارتە سیاسییەکان لە ناوەندی زانکۆکاندا؟ بەڕێژەی (67.6%)مامۆستا ئاماژەیان کردبو بە بونی کاریگەری لەسەر توانای زانستی مامۆستا، واتە دەستوەردانی پارتەکان هەیە و کاریگەری هەیە لەسەر توانای زانستی مامۆستا؟

لە کۆتایدا بۆمان دەردەکەوێت، کەوا لە کۆی (17) بڕگە سەبارەت بە بونی ئاستەنگ لەبەردەم توانای زانستی مامۆستا (10) بڕگە لە بڕگەکان ئاماژەدارە بە بونی ئاستەنگ لەبەردەم توانای زانستی مامۆستا، واتە ئاستەنگ هەیە؟ تەنها (7) پرسیار ئاماژە بو بە نەخێر و تاڕادەیەک بە نەبونی ئاستەنگ لەبەردەم توانای زانستی مامۆستا، واتە وەڵامی

تارادەیەک ئاماژەیە بە بونی ئاستەنگ، بەڵام زۆرینەی وەڵامەکان ئاماژە بو بە بونی ئاستەنگ و کاریگەری لەسەر توانای زانستی مامۆستا.

لە کۆتایدا دەرکەوت کەوا ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە لە گەڵ توێژینەوەی(الحويطلي) لە هەندێک پرسیار لەگەڵ یەک جیاواز بون، لەبەرئەوەی ئەنجامی ئاستەنگی ئابوری لەم توێژینەوەیە بە پلەی بەرز هاتوە، بەڵام لە توێژینەوەی (الحويطلي) بە ڕێژەی مامناوەند هاتوە (الحويطلي،2017)، بەڵام ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەی (الخوالدة) لە زۆربەی پرسیار و بڕگەکاندا وەکو یەک بون بۆ نمونە هەردو توێژینەوەکەدا ئامانج لە زانینی ڕێژەی گۆڕاوەکانی بوە وەک گۆڕاوی (ڕەگەز، تەمەن، پلەی زانستی مامۆستا، ئاستەنگەکان) بەڵام ڕێژەی ئاماری گۆڕاوەکان وەکو یەک نەبون (الخوالدة،2016).

خشتەی ژمارە(4) بڕگە تایبەتییەکانی توێژینەوەکە دەخاتەڕو

| ز | بڕگەکان | بەڵێ | تارادەیەک | نەخێر | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| 4 | دواکەوتنی موچە کاریگەری دەبێت لەسەر توانای زانستی مامۆستا؟ | 24<br>%70.6 | 7<br>%20.6 | 3<br>%8.8 | بەرزترین |
| 5 | ڕاوەستانی پلەبەرزنەکردنەوەی ساڵانەی مامۆستا (تەرفیع) کاریگەری دەبێت لەسەر توانای زانستی مامۆستا؟ | 23<br>%67.6 | 8<br>%23.5 | 3<br>%8.8 | |
| 6 | دواکەوتنی هەندێک لە مافە ماددیەکانی مامۆستا وەک مافی(تاوتۆی کردن، هەڵسەنگاندن، بەشداریکردن لە لیژنەکان..هتد) کاریگەری دەبێت لەسەر توانای زانستی مامۆستا؟ | 16<br>%47.1 | 11<br>%32.4 | 7<br>%20.6 | |
| 7 | نەبونی ژوری تایبەت بە مامۆستا کاریگەری دەبێت لەسەر توانای زانستی؟ | 12<br>%35.3 | 18<br>%52.9 | 4<br>%11.8 | |
| 8 | مەرجی تەندروستی و سەلامەتی لە هۆڵەکانی خوێندن کاریگەری دەخاتە سەر توانای زانستی مامۆستا؟ | 12<br>%35.3 | 18<br>%52.9 | 4<br>%11.8 | |
| 9 | ڕۆتینی کارگێری لە زانکۆکان کاریگەری دەبێت لەسەر توانای زانستی مامۆستا؟ | 15<br>%44.1 | 14<br>%44.2 | 5<br>%14.7 | |
| 10 | گیرۆگرفتی نێوان مامۆستا و قوتابی/ خوێندکار کاریگەری دەخاتە سەر توانای زانستی مامۆستا؟ | 10<br>%29.4 | 14<br>%44.2 | 10<br>%29.4 | |
| 11 | پاڵنەری ماددی تەرخان کراوە لە زانکۆکان ؟ بە مەبەستی هاندانی مامۆستایان بۆ نوسینی توێژینەوەی زانستی؟ | 11<br>%32.4 | 10<br>%29.4 | 13<br>%38.2 | |
| 12 | ئەگەر وەڵامەکە بە نەخێرە؟ ئایە کاریگەری دەخاتە سەر توانای زانستی مامۆستا؟ | 14<br>%41.2 | 14<br>%41.2 | 2<br>%5.9 | |
| 13 | نایەکسانی بەدی دەکەێت لە دانانی مامۆستایان لە لیژنەکان؟ | 8<br>%32.5 | 17<br>%50.0 | 9<br>%26.5 | |
| 14 | ئەگەر وەڵامەکە بە بەڵێی یە؟ ئایە ئەو جیاوازیە کاریگەری دەخاتە سەر توانای زانستی مامۆستا؟ | 15<br>%44.1 | 11<br>%23.4 | 6<br>%18.8 | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 15 | شاندکردنی مامۆستا بۆ دەرەوەی وڵات لەسەر بنەمای یەکسانە؟ | 8<br>%23.5 | 8<br>%23.5 | 17<br>%50.0 | |
| 16 | ئەگەر وەڵامەکە بە نەخێرە؟ ئایە کاریگەری هەیە لەسەر توانای زانستی مامۆستا؟ | 17<br>%50.0 | 12<br>%35.3 | 3<br>%8.8 | |
| 17 | چەندە گرفتی خێزانی (کەسێتی) مامۆستا کاریگەری دەبێت لەسەر توانای زانستی؟ | 13<br>%38.2 | 18<br>%52.9 | 3<br>%8.8 | |
| 18 | هەندێک لە مامۆستا خەمساردن لە بەرەوپێشچونی توانای زانستی خۆیان؟ | 16<br>%47.1 | 16<br>%47.1 | 2<br>%5.9 | نزمترین |
| 19 | دەستوەردانی پارتە سیاسییەکان بەدی دەکرێت لە ناوەندی زانکۆکان؟ | 23<br>%67.6 | 8<br>%32.5 | 3<br>%8.8 | |
| 20 | ئەگەر وەڵامەکە بە بەڵێیە؟ ئەم دەستوەردانە کاریگەری دەخاتە سەر توانای زانستی مامۆستا؟ | 22<br>%66.7 | 7<br>%21.2 | 4<br>%12.1 | |

## سێیەم: خستنەڕوی خشتەی بڕگەکان بە شێوەیەکی گشتی

بەشێوەیەکی گشتی کۆی بڕگەکان (20) بڕگە بو، (17) بڕگەیان تایبەتی بو، دابەشکرا بەسەر (34) مامۆستای زانکۆ لە فاکەڵتی پەروەردە/ زانکۆی کۆیە بە نمونە، کۆی گشتی ژمارەی کەمترین لە کۆی بڕگەکان بریتی بو (1) نمرە، وکۆی گشتی ژمارەی بەرز لە بڕگەکان بریتیبو لە (3) نمرە تەنها یەک بڕگە نەبێت کە ژمارەکەی گەیشتە (7)نمرە، بەڵام بەرزترین ئاستی ناوەندی ژمارە لە کۆی بڕگەکان بریتی بو لە(3.50) نمرە، ونزمترین ژمارەی ئاستی ناوەند لە کۆی بڕگەکان بریتیبو لە (1.38) نمرە، ئاستی ناوەندی ژمارەی مامۆستا بریتیبو لە (2.60) نمرە، بەڵام ڕێژەی لادانی پێوەر بە هەژمارکردنی وەکو بەرزترین ڕێژە بۆ بڕگەکان بریتیبو لە (2.107) نمرە بۆ بڕگەی سێیەم، و نزمترین ڕێژە (387)نمرە بو، لە بڕگەی یەکەم.

لە کۆتادا بۆمان دەردەکەوێت کەوا جیاوازی کەم هەیە لە نێوان ڕێژەی بەهای ژمارەکان لە وەڵامەکاندا، بەڵام ڕێژەی بەهای جیاوازی لە جۆری بڕگەکان لە بونی ناوەندی ژمێرە و لادانی پێوەر بەدیدەکرێت بە ڕێژەیەکی بەرچاو وەک لە خشتەی ژمارە(5)دا بە ڕونی ئاماژەی پێکراوە.

خشتەی ژمارە(5) ئاستی کەم و زۆر و لادانی پێوەری بڕگەکان بە شێوەیەکی گشتی دەخاتەڕو

| بڕگە | ژمارە | کەمترین | زۆرترین | ناوەندی ڕێژە | لادانی پێوەر |
|---|---|---|---|---|---|
| Gender | 34 | 1 | 2 | 1.189 | .387 |
| Q2 | 34 | 1 | 4 | 1.85 | .857 |
| Q3 | 34 | 1 | 7 | 3.50 | 2.107 |
| Q4 | 34 | 1 | 3 | 1.38 | .652 |
| Q5 | 34 | 1 | 3 | 1.41 | .657 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| Q6 | 34 | 1 | 3 | 1.74 | .790 |
| Q7 | 34 | 1 | 3 | 1.76 | .654 |
| Q8 | 34 | 1 | 3 | 1.76 | .654 |
| Q9 | 34 | 1 | 3 | 1.71 | .719 |
| Q10 | 34 | 1 | 3 | 2.00 | .778 |
| Q11 | 34 | 1 | 3 | 2.06 | .851 |
| Q12 | 30 | 1 | 3 | 1.60 | .621 |
| Q13 | 34 | 1 | 3 | 2.03 | .717 |
| Q14 | 32 | 1 | 3 | 1.72 | .772 |
| Q15 | 33 | 1 | 3 | 2.27 | .839 |
| Q16 | 32 | 1 | 3 | 1.56 | .669 |
| Q17 | 34 | 1 | 3 | 1.71 | .629 |
| Q18 | 34 | 1 | 3 | 1.59 | .609 |
| Q19 | 34 | 1 | 3 | 1.41 | .657 |
| **Q20** | **33** | **1** | **3** | **1.45** | **.711** |

## حەوتەم: ئەنجام و پێشنیاز و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە

### یەکەم: ئەنجامەکان

١- زۆربەی مامۆستایان لە هەر دو ڕەگەز بە ڕێژەی (41.2%)نمرە، پلەی زانستیان پلەی (مامۆستای یاریدەدەر بون) دواتر پلەی زانستی مامۆستا دێت.

٢-لە ئەنجامدا، دەرکەوت کەوا ئاستەنگی ئابوری بە بەرزترین پلە دێت، لە بەردەم بەرەوپێشچونی ئاستی زانستی مامۆستایانی زانکۆ، لە سەروی هەموبانەوە دواکەوتنی موچە و کاریگەری لەسەر توانای زانستیان.

٣-لە ئەنجامدا، دەردەکەوێت کەوا ئاستەنگی تەندروستی و سەلامەتی بە ڕێژەی (55.9%) هاتوە، واتە تاڕادەیەک مامۆستا ئاستەنگی هەیە.

٤-ئاستەنگی کارگێڕی بەڕێژەی (44.2%) هاتبو واتە (تاڕادەیەک)دێت، واتە ئاستەنگی کارگێڕی هەیە بەڵام زۆر نییە.

٥-هەروەها لە ئەنجامدا بۆمان دەرکەوت کەوا ئاستەنگی کەسێتی بە تایبەتی گرفتی خێزانی کاریگەری هەیە تاڕادەیەک لەسەر ئاستی توانای زانستی مامۆستای زانکۆ.

٦-دەستوەردانی حیزبی بۆ ناو زانکۆ بە ڕێژەی (67.6%) هات، کە واتە لایەنە سیاسیەکان کاریگەرییان هەیە لەسەر چالاکی مامۆستا لە ڕوی زانستییەوە.

٧- لە ئەنجامدا، بەپێی تیۆری زانا ماسلۆ پێێ وابو کە وا مرۆڤ بەردەوام پێویستی بە سەلماندنی خودی خۆی هەیە لە ڕوی دەرونی و کۆمەڵایەتیەوە، بۆیە بەپێی ئەنجامی کۆتایی لایەنی مەیدانی دەرکەوت کەوا مامۆستایانی زانکۆ بە ڕێژەی (70.6%)مامۆستا ئاماژەیان کردوە بە ئاستەنگی ئابوری/دواکەوتنی موچە بە هۆکار دەزانن لە بەردەم توانای زانستیان.

٨- لە ئەنجامدا، و بەپێی تیۆری زانا ( هنری موری) و (پێویستی مرۆڤ بە دەسکەوت) واتە زاڵبون بە سەر ئاستەنگەکانی ژیان دارشتبو، وداوا لە مرۆڤەکان دەکات کە بە هێز بن، وبەردەوام بن لە هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی کاری مەحاڵ و گەیشتن بە ئامانجەکانیان بەپێی توانای کەسەکان، بۆیە بەپێی ئەنجامی کۆتایی لایەنی مەیدانی دەرکەوت کەوا مامۆستا گرفتی ئابوری و نەدانی موچە و نەبونی ژوی تایبەت بە مامۆستا وبونی نایەکسانی لە دانانی مامۆستا هەمو ئەم گرفتانە هەیە، بەڵام لە پێناو پێویستی مرۆڤ بە دەسکەوت، بەردەوام مامۆستا لە هەوڵدایە بۆ کەیشتن بە ئامانجەکانی و ئەنجامدانی کاری مەحاڵ بەپێی توانا.

## دووەم:پێشنیاز

١- چاککردنی دۆخی مامۆستای زانکۆ لە ڕوی ئابوریەوە بەتایبەتی دۆخی (دواکەوتنی موچە) و پلەبەرزنەکردنەوەیان بە شێوەی (تەرفیع) ساڵانە، کە وەزارەتی دارایی و ئابوری لێی بەرپرسیارن.

٢-دابینکردن و دروستکردنی ژوری تایبەت بە مامۆستایانی زانکۆ لەسەر بنەمای تەندروستی و سەلامەتی، کە هەردو وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابوری لەم دۆخە بەر پرسیارن.

٣-دانان و دیاریکردنی مامۆستایانی زانکۆ لە لێژنەکان لەسەر بنەمای یەکسانی بێت.

٤- کەمکردنەوەی دەستوەردانی حیزبی لە نێوەندی زانکۆکاندا.

٥- ئەنجامدانی سمینار و بەستنی کۆنفراس لەسەر ئاستی زانکۆکان سەبارەت بە دۆخی مامۆستایانی زانکۆ.

٦- چارەسەرکردنی دۆخی ئابوری مامۆستا لە ڕوی (پاشەکەوتکردنی موچە، دواکەوتنی موچە، گێڕانەوەی پلەبەرزکردنەوەی ساڵانە(الترفیع)، خەرج کردنی خەرجی هاندان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی، ڕاگرتنی خەرجی پلەبەرزکردنەوەی مامۆستا لە کاتی پلەبەرزکردنەوەی بۆ نمونە لە مامۆستای یاریدەدەرەوە بۆ پلەی مامۆستا).

## سێیەم: ڕاسپاردە

١-ڕاسپاردنی توێژەرانی تر بە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی سەبارەت بە کێشەکانی مامۆستای زانکۆ بە شێوەیەکی وردتر.

<u>پاشکۆکان</u>

پاشکۆی (1) فۆڕمی شارەزایان

بەش/کۆمەڵناسی

فۆڕمی ژمارە(   )

فۆڕمی ڕابۆچونی شارەزایان

بۆ بەڕێز ...........................................................

سڵاو و ڕێز...

ئەم فۆرمە ناونیشانی توێژینەوەیەکی زانستییە سەبارەت بە (ئاستەنگەکانی بەردەم توانای زانستی مامۆستای زانکۆ، توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە فاکەڵیتی پەروەردە – زانکۆی کۆیە بە نمونە)، بەڕێزتان دەست نیشان کراوەن لەبەر ئەوەی شارەزان لەبواری توژینەوەی زانستی وپێشینەتان هەیە لەو بوارە، تکایە ڕابۆچونی خۆتان سەبارەت بە پرسیارەکان ئەگەر گونجاون یان پێویستییان بە گۆڕانکاری هەیە، هاوکاریتان جێگای ڕێز و سوپاسە.

<u>بۆ زانینی بەڕێزتان ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی :-</u>

1.ئاستەنگی ئابوری لە بەردەم توانای زانستی مامۆستا.

2.ئاستەنگی کارگێری.    3.ئاستەنگی کەسێتی.

4.ئاستەنگی تەندروستی وسەلامەتی.

**أ. بڕگە گشتیەکان**

1- ڕەگەز :  نێر  ( )    مێ ( )

2- پلەی زانستی مامۆستا : م.یاریدەدەر( )   مامۆستا( )   پرۆفسیۆری.ی( )   پرۆفسیۆر( )

3- پسپۆری مامۆستا:زمانی کوردی( )  مێژو( ) جوگرافیا( )  دەرونزانی( )  زمانی ئینگلیزی( ) زمانی عەرەبی( )   خوێندنی ئاینی( )

## ب. بڕگە تایبەتەکان

| ز | بڕگەکان | ڕازیم | ڕازی نیم (نەخێر) | داوای گۆڕانکاری دەکەم |
|---|---|---|---|---|
| 4 | دواکەوتنی موچە کاریگەری لەسەر توانای زانستی مامۆستا دەبێت؟ | | | |
| 5 | ڕاوەستانی پلەبەرزنەکردنەوەی ساڵانەی مامۆستا (تەرفیع) کاریگەری لەسەر توانای زانستی مامۆستا دەبێت؟ | | | |
| 6 | دواکەوتنی هەندێک لە مافە ماددیەکانی مامۆستا وەک مافی(تاوتوێکردن، هەڵسەنگاندن، بەشداریکردن لە لێژنەکان..هتد) کاریگەری لەسەر توانای زانستی مامۆستا دەبێت؟ | | | |
| 7 | نەبونی ژوری تایبەت بە مامۆستا کاریگەری لەسەر توانای زانستی دەبێت؟ | | | |
| 8 | مەرجی تەندروستی و سەلامەتی لە هۆڵەکانی خوێندن کاریگەری دەخاتە سەر توانای زانستی مامۆستا؟ | | | |
| 9 | ڕۆتینی کارگێری لە زانکۆکان کاریگەری لەسەر توانای زانستی مامۆستا دەبێت؟ | | | |
| 10 | گیروگرفتی نێوان مامۆستا و قوتابی/ خوێندکار کاریگەری دەخاتە سەر توانای زانستی مامۆستا؟ | | | |
| 11 | پاڵنەری ماددی تەرخان کراوە لە زانکۆکان؟ بە مەبەستی هاندانی مامۆستایان بۆ نوسینی توێژینەوەی زانستی؟ | | | |
| 12 | ئەگەر وەڵامەکە بە نەخێرە؟ ئایە کاریگەری دەخاتە سەر توانای زانستی مامۆستا؟ | | | |
| 13 | نایەکسانی لە دانانی مامۆستایان لە لیژنەکان بەدیدەکەیت؟ | | | |
| 14 | ئەگەر وەڵامەکە بە بەڵێیە؟ ئایە ئەو جیاوازیە کاریگەری دەخاتە سەر توانای زانستی مامۆستا؟ | | | |
| 15 | شاندکردنی مامۆستا لە کۆلێژەکان بۆ دەرەوەی وڵات لەسەر بنەمای یەکسانییە؟ | | | |
| 16 | ئەگەر وەڵامەکە بە نەخێرە؟ ئایا کاریگەری لەسەر توانای زانستی مامۆستا هەیە؟ | | | |
| 17 | گرفتی خێزانی (کەسێتی) مامۆستا کاریگەری لەسەر توانای زانستی دەبێت؟ | | | |
| 18 | هەندێک لە مامۆستا خەمساردن لە بەرەوپێشچونی توانای زانستی خۆیان؟ | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 19 | دەستوەردانی پارتە سیاسییەکان لە ناوەندی زانکۆکان بەدیدەکرێت؟ | | | |
| 20 | ئەگەر وەڵامەکە بە بەڵێیە؟ ئەم دەستوەردانە کاریگەری دەخاتە سەر توانای زانستی مامۆستا؟ | | | |

**پاشکۆی(٢) ناوی شارەزایان دەخاتەڕو**

| ز | ناوی شارەزایان | پلەی زانستیان | زانکۆ/ کۆلێژ |
|---|---|---|---|
| 1 | د.کیفی أحمد عبدالقادر | پرۆفسێۆری یاریدەدەر | هەولێر/زانکۆی کۆیە/ بەشی زمانی کوردی |
| 2 | د.محمد شوانی | پرۆفسێۆری یاریدەدەر | هەولێر/زانکۆی سەلاحەددین/بەشی کۆمەڵناسی |
| 3 | د.هیوا حاجی خدر | پرۆفسێۆری یاریدەدەر | سوید/ لە ڕێگای وێب ساید |
| 4 | د.نەوزاد ئەنوەر عومەر | پرۆفسێۆری یاریدەدەر | هەولێر/زانکۆی کۆیە/بەشی زمانی کوردی |

**پاشکۆی ژمارە(٣) ڕاوبۆچونی شارەزایان لەبارەی ڕاستێتی پێوەرەکە**

| ز | ناوی شارەزایان | ژمارەی برگەی دروست | ژمارەی برگەی نادروست | ڕێژەی ڕاستگۆیی | پرسیاری برگە نادروستەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | پ.ی.کیفی أحمد عبدالقادر | 14 | 3 | %82.3 | 10،11،15 |
| 2 | پ.ی.محمد شوانی | 13 | 4 | %76.4 | 9،10،11،15 |
| 3 | پ.ی.هیوا حاجی خدر | 10 | 7 | %58.8 | 4،5،6،8،11،13،15 |
| 4 | پ.ی.نەوزاد ئەنوەر عومەر | 17 | 0 | %100 | ......... |
| | **کۆی گشتی** | **54** | **14** | **%74.5** | **14** |

<u>تێبینی</u>

ژمارەی برگەی پێوەر = (17) برگە

ژمارەی شارەزایان = (4) شارەزا

کۆی گشتی ژمارەی برگەکان = (ژمارەی برگەکان * ژمارەی شارەزایان)،(١٧*4) =68

ژمارەی برگە دروستەکان = 54 ، ژمارەی برگە نادروستەکان = 14

ڕاستگۆیی گشتی فۆرمەکان = ژمارەی برگە دروستەکان/ ژمارەی برگەی پێوانە*100

54/ 68 *100= 79.5 ئاستی ڕاستگۆیی پێوانەکە

**پاشکۆی ژمارە (٤) وێنەی کۆتایی فۆرمەکە**

بەشی کۆمەڵناسی فۆرمی ژمارە( )

**فۆرمی ڕاپرسی**

مامۆستای بەرێز .......................... سڵاو و ڕێز .........

ئەم فۆرمەی لەژێر دەستدایە ناونیشانی توێژینەوەیەكی زانستیە سەبارەت بە (ئاستەنگەکانی بەردەم توانای زانستی مامۆستای زانکۆ، توێژینەوەیەكی مەیدانییە لە فاکەڵیتی پەروەردە – زانکۆی کۆیە بە نمونە) ، پرسیارەکان لە سێ برگە پێکهاتوە لە بەرامبەر هەر پرسیارێک ئەگەر ڕاست بو نیشانەی بەڵێ دابنێن وبەپێچەوانەوە نیشانەی نەخێر و تاڕادەیەک، هاوکاریتان جێگای ڕێز و حورمەتە.

توێژەر

فوزیە عبداللە محمد

<u>تێبینی :_</u>

- پێویست بە ناونوسین ناکات؟
- تەنها نیشانەی (ڕاست) بۆ پرسیارەکانی کە مەبەستە دابگرە؟
- زانیاریەکان پارێزراون تەنها بە مەبەستی توێژینەوەی زانستیە؟

---

## أ-برگە گشتیەکان

١.ڕەگەز : نێر ( ) مێ( )

٢.پلەی زانستی:مامۆستای یاریدەدەر( ) مامۆستا( ) پرۆفسیۆری یاریدەدەر( ) پرۆفسیۆر( )

٣-پسپۆری مامۆستا :زمانی کوردی( ) مێژو( ) جوگرافیا( ) دەرونزانی( ) زمانی ئینگلیزی( ) زمانی عەرەبی( ) خوێندنی ئاینی( )

## ب. برگە تایبەتەکان

| ز | برگەکان | بەڵێ | تاڕادەیەک | نەخێر |
|---|---|---|---|---|
| 4 | دواکەوتنی موچە کاریگەری لەسەر توانای زانستی مامۆستا دەبێت؟ | | | |
| 5 | ڕاوەستانی پلەبەرزنەکردنەوەی سالانەی مامۆستا (تەرفیع) کاریگەری لەسەر توانای زانستی مامۆستا دەبێت؟ | | | |
| 6 | دواکەوتنی هەندێک لە مافە ماددیەکانی مامۆستا وەک مافی(تاوتوێکردن، هەڵسەنگاندن، بەشداریکردن لە لێژنەکان..هتد) کاریگەری لەسەر توانای زانستی مامۆستا دەبێت؟ | | | |
| 7 | نەبونی ژوری تایبەت بە مامۆستا کاریگەری لەسەر توانای زانستی دەبێت؟ | | | |
| 8 | مەرجی تەندروستی و سەلامەتی لە هۆڵەکانی خوێندن کاریگەری دەخاتە سەر توانای زانستی مامۆستا؟ | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | ڕۆتینی کارگێڕی لە زانکۆکان کاریگەری دەبێت لەسەر توانای زانستی مامۆستا؟ | 9 |
| | | | گیرۆگرفتی نێوان مامۆستا و قوتابی/ خوێندکار کاریگەری دەخاتە سەر توانای زانستی مامۆستا؟ | 10 |
| | | | پاڵنەری ماددی تەرخان کراوە لە زانکۆکان ؟ بە مەبەستی هاندانی مامۆستایان بۆ نوسینی توێژینەوەی زانستی؟ | 11 |
| | | | ئەگەر وەڵامەکە بە نەخێرە؟ ئایا کاریگەری دەخاتە سەر توانای زانستی مامۆستا؟ | 12 |
| | | | نایەکسانی لە دانانی مامۆستایان لە لیژنەکان بەدی دەکەێت؟ | 13 |
| | | | ئەگەر وەڵامەکە بە بەڵێ یە؟ ئایە ئەو جیاوازیە کاریگەری دەخاتە سەر توانای زانستی مامۆستا؟ | 14 |
| | | | شاندکردنی مامۆستا لە کۆلێژەکان بۆ دەرەوەی وڵات لەسەر بنەمای یەکسانییە؟ | 15 |
| | | | ئەگەر وەڵامەکە بە نەخێرە؟ ئایا کاریگەری هەیە لەسەر توانای زانستی مامۆستا؟ | 16 |
| | | | گرفتی خێزانی (کەسێەتی) مامۆستا کاریگەری لەسەر توانای زانستی دەبێت؟ | 17 |
| | | | هەندێک لە مامۆستا خەمساردن لە بەرەوپێشچونی توانای زانستی خۆیان؟ | 18 |
| | | | دەستوەردانی پارتە سیاسییەکان لە ناوەندی زانکۆکان بەدیدەکرێت؟ | 19 |
| | | | ئەگەر وەڵامەکە بە بەڵێ یە؟ ئەم دەستوەردانە کاریگەری دەخاتە سەر توانای زانستی مامۆستا؟ | 20 |

# Obstacles That Obstruct the Scientific Abilities of University Lecturers

## A Field Study in The Faculty of Education at Koya University as A Model

**Fawziya Abdulla Mohammed**

Department of Kurdish Language, College of Education, University of Koya, Koya, Kurdistan Region, Iraq.

### Abstract

The purpose of the study is to understand the barriers to university professors' ability to conduct scientific research on an economic, administrative, personal, health, and safety level. Knowing the statistical relationship between the research variables and the theories used in this study, it was (the theory of human needs and describing the motives that drive him) with (the personal theory of human needs as the motivation that drives him to achieve). Because this research is quantitative, it relied heavily on the analytical descriptive approach, with the social survey approaches. The questionnaire form was chosen as the type of tools and method for gathering information, and it was distributed to (34) university professors in the two faculties of education using Koya University as an example. This was done in order to determine the quality of the sample. In the end, the most significant research findings were identified from the field side, and that the majority of the teaching staff from both categories held the scientific titles of professor or assistant professor, with their percentage reaching professor (41.2%), which was followed by the degree of professor. In regards to the research's focus on the existence of constraints, it was evident from the findings that the percentage of economic constraints came with the highest percentage, including the delay in the date of salaries for their duration, and that this was followed by responses about the existence of health, safety, and administrative constraints, which came by (44.2%), providing evidence of the existence of constraints on average. Additionally, it was determined that political parties' interference in university affairs reached (67.6%) degrees, that there are personal obstacles, such as family issues, and that they have an impact on scientific ability to a certain extent, and that at the conclusion of the research, it was determined that a set of proposals and recommendations be made to address the situation of university professors and identify obstacles and their impact on them.

**Keywords:** Obstacles, Ability, University Teacher, Needs

## سەرچاوەکان

الحويطلي، عواد حماد(2017)، معوقات الانتاجية العلمية لأعضاء هيئة التدريس بجامعة تبوك "دراسة ميدانية، مجلة كلية التربية، جامعة الأزهر مصر، العدد (174) الجزء الثاني.

الخوالدة، تيسير محمد(2016)، معوقات استدامة التعليم العالي من وجهة نظر أعضاء هيئة التدريس في الجامعات الأردنية ، مجلة الدراسات العلوم التربوية، المجلد(43)، العدد (1).

الشرقاوي و أخرون (1978)، أسس علم النفس العام، مكتبة الأنجلو للنشر، كلية التربية عين الشمس، مصر.

غريب،سيد أحمد(1995)،الطبقات الأجتماعية، دار المعرفة للنشر، الأسكندرية- مصر.

كمال، عويسي (2021)، خصائص وأدوار الأستاذ الجامعي في ظل معايير الجودة،مجلة العلوم القانونية والأجتماعية، جامعة زيان عاشور – الجزائر، المجلد السادس، العدد الأول، مارس.

محمد،أيمان قناوي(2018)، المعوقات الاجتماعية والاقتصادية والإدارية للإدارة الإلكترونية بجامعة الأزهر وسبل مواجهتها من وجهة نظر العاملين بالجامعة، مجلة كلية التربية، جامعة األزهر، العدد: (177)الجزءالأول.

محيسن،عباس التركي(2020)، مظاهر الحرمان في رسوم فان كوخ وفق نظرية الحاجات عند ماسلو، مجلة القادسية في الآداب والعلوم التربوية العدد(1) _ العراق.

معجم المنجد(2012)، في اللغة والاعلام ،ط45، دار الشروق للنشر، بيروت-لبنان.

معجم الوسيط (1961)، الجزء الثاني، مطبعة مصر، القاهرة.

فاكەڵیتی پەروەردە(2022)، بەشی ڕاگرایەتی، هۆبەی نوسینگەی ڕاگر، لە ڕێکەوتی 10/23، زانکۆی کۆیە.